**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برِگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی گرێدراو لە رێکەوتی ٢٠١٣/٤/٢٢ بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣

## یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراووگیراوی سیاسیی کوردستانیی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** برگەی (سێیەم)ی ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(سێیەم: لێژنە: لێژنەی تایبەتمەند بە تێروانینی داواکارییەکانی ئەوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە).

**دووەم:** برگەیەك بە ریزبەندی (شەشەم) بۆ ماددەی یەکەم زێدە دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(شەشەم: وەزارەت: وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان).

**ماددەی دووەم:**

ماددەی چوارەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** وەزارەت لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمدا یان هەر یەکەیەکی کارگێری پێویست بە بوونی لێژنە بکات، لێژنە پێکدەهێنێت، بە سەرۆکایەتی دادوەرێك کە ئەنجومەنی دادگەریی هەرێم کاندیدیان دەکات و ئەندامێتی نوێنەری ئەم وەزارەتانەی خوارەوە بە پلەی بەرێوەبەر بۆ تێروانینی داواکاری ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە:

١- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٢- وەزارەتی ناوەخۆ.

٣- وەزارەتی دارایی و ئابوری.

**دووەم**: زیندانیکراویی یان گیراوی سیاسیی لەبەردەم لیژنەدا بە ریگە یاساییەکان بەپیی حوکمەکانی یاسای سەلماندنی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراوی بەرکار لە هەریمدا، دەسەلمینریت.

**سییەم**: لیژنە بریاری خۆی بە زۆرینە دەردەکات و لە کاتی یەکسان بوونی بیروڕاکان ئەوا ئەو ڕایەی کەوا سەرۆك دەنگی لەگەلداوە بەسەر دەخریت و بریارەکانی لیژنە شیاوی تانە دەبن لەبەردەم دادگای کارگیڕی بەپیی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەریمی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

**چوارەم**: وەزارەت بەرزکردنەوەی ئەو بریارانەی لە لایەن لیژنەوە دەردەکرین بۆ وەزارەتی پەیوەندار لە ئەستۆ دەگریت بە مەبەستی ئەوەی یاسا بە پیویستی دەکات بەپیی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بگرترینەبەر.

**ماددەی سییەم**:

پیویستە لە سەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەریمی کوردستان ریْنمایی پیویست بۆ ئاسان جیبەجیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی چوارەم**:

پیویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جیبەجیْ بکەن.

**ماددەی پینجەم**:

کار بە هیچ دەقیکی یاسایی یان بریاریکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکریت.

**ماددەی شەشەم**:

ئەم یاسایە لە ریکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جیبەجیْ دەکریت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

## هۆیە پێویستکارەکان

لە کاتی پیادەکردنی یاسای ئیمتیازاتی زینداندنیکراوو گیراوی سیاسی کێشەو بارقورسی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بۆتەوەو، بوویتە بارگرانییێك لەسەر ئەستۆیان بەتایبەتیش ئەوانەی لە هەولێری پایتەختەوە دوورن بەهۆی بوونی یەك لیژنەی تایبەتمەند تیایدا و بارقورسی هێنانی گەواهیدەرانی سەلماندن لەبەردەم ئەم تاقە لیژنەیەدا بەهۆی دووری مەوداو مەترسیەکانی ڕێگەو گرانی تێچوونەکانی گواستنەوەو حەوانەوە، وە لە پێناو خزمەتکردنی ئەم تێکۆشەرانەو دوورخستنەوەیان لەم قورساییانەداو وەك ئاسانکارییێك بۆ جێبەجێکردنی، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرچوێنرا.